## هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق
## سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران

پاڵپشت بە بڕگە (٣)ی مادە (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ، ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/١٠/١٥یدا بڕیاری دەرکردنی ئەم سیستەمەیدا :

## سیستەمی ئەنجـومەنی زانستی لە دیوانی وەزارەتی ئەوقـاف و کاروبـاری ئیسلامی
## سیستەمی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٠

**ماددەی یەکەم :**

ئەنجومەن ئەم کاروبارە تایبەتمەندیانە ئەنجام دەدات :

١. ئەو کارانەی پەیوەستن بە دامەزراندنی زانایانی ئیسلامی و خزمەتەکانیان بە پێی یاسای ژمارە (٦٧)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو .
٢. چەسپاندنی ئەهلیەت بۆ پێش نوێژی کردن یان وتار خوێندنەوە یان هەردووکیان .
٣. جێبەجێ کردنی ئەو دەسەڵاتانەی کە پێیان دراوە بە پێی یاساو بڕیارو سیستەمەکانی تایبەت بە ئەوقاف .
٤. تاقی کردنەوەی متەوەلیەکان دوا بە دوای پاڵاوتنیان لە لایەن دادگای تایبەتەوە بە پێی ئەحکامی مادە (٢و٣) لە سیستەمی متەوەلیەکان ژمارە (٤٦)ی ساڵی ١٩٧٠ .
٥. ڕێدان بە ئەنجامدانی نوێژی هەینیو جەژنەکان ، لەو شوێنانەی پێویستیان پێیەتی.
٦. سەیرکردنی ئەو کاروبارانەی لە لایەن وەزیرەوە دەخرێتە بەردەمیان .

**ماددەی دووەم :**

١. ئەنجومەن مانگی جارێك کۆدەبێتەوە ، بۆ سەرۆکی ئەنجومەن هەیە لە کاتی پێویستیدا داوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکات .
٢. بەستنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی (٢و٣)ی ئەندامانی تەواو دەبێت و بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگ دەبێت .

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــــوردستان

www.mojkurdistan.com

**ماددەی سێیەم :**

ڕەخنە لە بڕیارەکانی ئەنجومەن دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی .

**ماددەی چوارەم :**

بۆ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی هەیە ئەو ڕێنماییانە دەربکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیستەمە .

**ماددەی پێنجەم :**

لەسەر وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پێویستە جێبەجیێ بکات .

**ماددەی شەشەم :**

ئەم سیستەمە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان .

**سامی عبدالرحمن**
**ج . سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com